# دنیای چیرۆک لە لای عەبدوڵڵا سەڕاج

**ئەدیب نادر**
**(بریتانیا)**

عەبدوڵڵا سەڕاج بێ چەند و چوون یەکێکە لەو نووسەرە دەگمەنانەی تەکنیکەکانی گێڕانەوەی بە شێوەیەکی زۆر هۆشمەندانە و بە ئاگاییەکی تەواوەوە لە چیرۆکەکانیدا بەکار هێناوە و خاوەنی چەندان کۆچیرۆک و ڕۆمانە، لەم بەسەرکردنەوە خاکییەدا بایەخ بە دنیای چیرۆکنووسینی ئەو دەدەین، هاوکات هەم هەوڵ دەدەین جێ پێی ڕەگەزەکانی ناو دەقەکانی هەڵبگرین و هەم هەوڵی ئەوەیش دەدەین شێوازی نووسینەکانی و وردەکارییەکانی سەرهەڵدانی و بە کوێ گەیشتنیان بگرینە بەرچاو و هەندێک بە گەمەکانی زمان، یان گەمەکانی واتا- دا بچینە خوارێ و وردبینەوە و مرخیش لەوە خۆش بکەین تایبەتمەندێتی و خەسڵەتە هونەرییەکانی بخەینە ڕوو و هەوڵێکیش بۆ بەدیارخستنی تەکنیکەکانی بدەین، چونکە ئەو لە قووڵاییدا خاوەنی گۆشەنیگایەکی ڕەسەنی تایبەتمەندە و ئاماژە بە چەندان بابەتی گرینگی سەردەمانە دەدات و هەوڵدەدات پێ بەپێی ئەوە دنیاکەی خۆی بنیاد بنێت.

پێش هەموو شتێک ڕاستیمان پێکاوە ئەگەر بڵێین ئەو یەکێکە لەو چیرۆکنووسە دانسقانەی نێو ڕەوتی چیرۆکی مۆدێرنی ئێمە و بەڵگەنەویستیشە خاوەنی ئەزموونێکی جیاوازە و تاقە ڕێگایەکی گرتووەتەبەر، هەروەک خۆلیۆ کۆرتاسار دەڵێت: کە ئەویش ئیشکردن بووە لە قووڵاییەکاندا، لێرەدا مەبەستمان قووڵاییەکانی ویژدانە، بێ گومان هەمیشە شێواز و تایبەتمەندێتی نووسینی خۆی هەبووە و یەکێکیش بووە لەو نووسەرە ناوازانەی خاوەنی فەزایەکی مەعریفی و ڕۆشنبیرییەکی- دیارە، جگە لەو لایەنە ئەدەبیانە، پەلوپۆهاوێژ و تاڕادەیەک ئینسیکلۆپیدیش بووە، ئەم باکگراوەندە ڕۆشنبیری و کولتووریەشێتی نووسینەکانی فۆرمەلە کردووە و شێوەیان پێ بەخشیوە، هەر بۆ ئەوەی ئەم ڕاستییە خۆی بەدەستەوە بدات، دەتوانرێ چاوێک بە چیرۆکی(لاکێشە ڕووناکەکان)یدا بخشێنرێت کە تیشک دەخاتە سەر ئەو جومگانەی ئاماژەیان پێ درا. بێجگە لەمە هەوڵێکی بێ ڕادەیشی لە پرۆسەی تیوراندن بۆ هونەری چیرۆک و ڕۆمان، تەنانەت هونەری شێوەکارییش داوە و خەریکی زاراوەسازی و داتاشینی وشەیش بووە و هەر کاتێکیشی بۆ ڕەخسابێت ئەوە زارەکییانەیش بووبێت تێهەڵچووە و لە کایەکانی ئەدەب و تەکنیکەکانی گێڕانەوە و دنیابینی چیرۆکنووسانەی خۆی دەمی ژەنیوە و بە داهێنانەکانیشی بەرهەمی نەوەکانی پاش خۆی ڕەنگرێژ کردووە و کەموزۆر کاریگەرییەکانی بەرهەستانە لە فەزای چیرۆکی ئەم سەروبەندەی هەنووکەدا بێ سێ و دوو ئامادەییان هەیە. عەبدوڵڵا سەڕاج لە چارەکە سەدەیەک پتر سەروکاری لەگەڵ کورتە چیرۆکدا هەبووە و



**عەبدوڵڵا سەڕاج**

ئامانجی خوڵقاندنی فەزای چێژ و لەزەت و گفتوگۆکردن بووە لەگەڵ وەرگرێکی بەئاگادا، وەرگرێک سڵ لە تەلیسمەکانی نووسین نەکاتەوە و بیانشکێنێت، چونکە ئەو، هەروەک چۆن برتۆڵد برێخت لە شانۆی مەلحەمیدا دیواری چوارەمی تەفروتونا کردووە، کوتومت لە دەقی چیرۆکدا دیواری میان گێڕەرەوە و خوێنەری وردوخاش کردووە و ڕاستەوخۆ دەیدوێنێ. جگە لەوەی مامەڵەی لە تەک هەموو جۆرە تەکنیکەکانی ئەم ژانرەدا هەبووە و زۆرجار کردوونی بە کارەکتەری سەرەکی ئەفراندنەکانی و هێندە لێیان قووڵبووەتەوە و شارەزایی لێیان پەیدا کردووە، زاتی ئەوە دەکەم بڵێم هەندێک چیرۆکی خۆی تەنیا و تەنیا لەبەر ئەوە نووسیوە هەتا بیانکات بە ڕووبەرێک بۆ پراکتیزاندنی تەکنیکە نوێکانی گێڕانەوە و پشتگوێ خستنی ئەوەی چیرۆک خۆی تەکنیکە تایبەتمەند و گونجاوەکانی خۆی لە ژیانەوە هەڵدەبژێرێت و حەوجە و پێداویستی بە کام یەک لەو شێوازانە بێت لەگەڵ خۆیدا پەلکێشیان دەکات و پراکتیزەیان دەکات و دەیانکات بە بەشێک لە جەستەی هونەرئامێزی گێڕانەوە، نەک ئەو ببێتە بەشێک لە جەستەی ئەوان، هەر بۆ نموونە تەماشای چیرۆکی (مردوو خەون نابینێ) بکە، کە تێیدا تەکنیکی شەپۆلی هۆش بەکار دەهێنێ، یانی هەر ڕێک لەبەر ئەم تەکنیکە ئەم دەقە نووسراوە.

سیما دیارەکانی ئەدەبەکەشی هێما، خوازە، دەمامک، مۆنتاجی سینەمایی، تێکشکاندنی کات و.. کە لە چوارچێوەی زمانەکەیدا قەڵەمڕەو پەیدا دەکەن و لانی کەم ناسنامە ئەدەبییەکەی پێ بەرجەستەترە و جاروبار بە میتازمان ناوزەدی دەکات، تەقریبەن کەس هێندەی ئەو، زمانەکەی تایبەتمەند و تاکمەند و خۆمەند نییە و کەسیش بەقەد ئەو زمانەکەی لە فەرهەنگی زمانە گشتییەکە جودا نابێتەوە و شەقڵ بە پێکهاتەیەکی زمانییانەی تاکڕەو نادات.

دیارە تێکستەکانی ناوبراو جیهانێک دەخوڵقێنن، هاوکات هەم ڕیالیزمییە، هەم فانتازیشە، هەم سیمبۆلییە، هەم ڕاستەوخۆشە، هەندێ جاریش تاقە دەقێکی هەموو ئەمانە، یان هەندێک لە مانە بەشدارییان تێدا دەکات و ئێمە تارادەی حەپەسان پێیان سەرسام دەبین و پەیامی ئینسانیانەیان لێ وەردەگرین، چونکە دەزانین سەرچاوە و باکگراوەندی ڕاستەقینەی کارەکتەر و بابەتەکانی خودی ژیان خۆیین، ژیان شەقڵیان پێ دەدات و ئەوان شەقڵ بە ژیان نادەن. ئەو جورئەت و بوێرییە بێ هاوتایەی ئەو، کە لە سەروبەندێکدا ئەو بابەتە پێداگر و کێشمەکێش ئامێزانەی موتروبەی دەق دەکرد و ڕووبەرەکەی دەکردە مەیدانی هاروهاجی و ڕکێشییە چاونەترسانەکانی و تێیدا شەڕی بەو واقیعە ناهەموار و ئەستەمە دەفرۆشت کە بەسەر هەموو تاکێکدا سەپێنرابوو و کەم کەسیش زاتی ئەوەیان دەکرد خۆ لەقەرەی بدەن، داینەمۆی نووسینەکانی ئەو بوون. ڕاستە لەوانەیە نووسەر، زۆرجار لەبەر هەندێ هۆکاری تەکنیکی و سیاسی و کۆمەڵایەتیش هەروەک ئەوەی حسێن مەردان دەڵێت: پەنابەرێتە بەر سیمبۆل و ئاماژە و ئیحا، دیارە سەڕاجیش لەمە بەدەر نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا تارادەیەکی زۆر تەمومژ و نارووونییەکانی بێ پاساو نین، چونکە پەنابردنەکانی ئەو بۆ ئەو چەمکانەی سەرەوە بێجگە لەوەی پێداویستییەکی پەیگیری قۆناغەکە بوو پێداویستییەکی هونەریش بوو و نەیشدەکرا ڕاستەوخۆ گوزارە لە بابەتە تابۆئامێزەکان بکرێت کە بۆ ئەو بەشێک بوون لە دیمەنی سیاسی ئەو سەردەمەی داوای دوورکەوتنەوەی کردووە لە ڕاستەوخۆیی و ڕوونی و بەو شێوەیەیش خۆ لە سزای سانسۆرێکی بێ بەزەیی و دڵڕەق پاراستن، بەڵام ناکرێ لێرەدا تێبینییەک پشتگوێ

بخەین، ئەویش زۆربەی سیمبۆلەکانی ئەو گەردوونییە نین، ئەمەیش بێ چەند و چوون کێشەی بەدحاڵی بوون بۆ خوێنەر قوت دەکەنەوە، نەک هەر ئێستا، بەڵکو دوارۆژیش بەشێک لە دەقەکانی لە سایەی ئەمەوە هیچ مانایەکیان لێ هەڵناهێنجرێت و دەبن بە رووبەرێکی زمانەوانییانەی کۆدداری ئەوتۆ کە مەحاڵە بکرێنەوە، چونکە ئەو رەمز و هێمایانە سەردەمێک چوارچێوەی بۆ کێشاون، رەنگە هیچ هاوبەشییەکیان لەگەڵ سەردەمی نەوەکان، یان خوێنەرەکانی داهاتوودا نەبێت، واتە ئەو سیمبۆلانە سیمبۆلگەلێکی یونیڤێرسالی نین تا گرەو لە سەرجەم سەردەمەکان بەرنەوە، یان زەمەن پێشیان نەکەوێت، هەروەها وەرگری هەموو سەردەمەکانیش بە سانایی کۆدگوشاییان بۆ بکەن، لەبەر ئەوەی بە مرۆڤی ناو واقیعێکی دیاریکراوی ناوچەییەوە پەیوەستن و بە مرۆڤی ناو واقیعێکی یونیڤێرسالانەی گشتییەوە پەیوەست نین. بەڵێ هەندێک لە بابەتەکانی ئەو لەلای کەم نووسەردا بوونیان هەیە، کێ بەر لەو سیمبۆلئامێزانە بە عەرەبکردنی کەرکووکی کردووە بە بابەت لە دەقەکانیدا؟ با تەماشایەکی چیرۆکی (هەشت و نیوی بەیانی- هەشت و نیوی شەو) بکەین! کێ بەر لەو بە ئاماژەدان بە کاولکاری دێی شۆراو، کوودەتا خوێناوییەکەی هەشتی شوباتی شەست و سێی بەرجەستە کردووە و خۆی لە پرسە نەتەوەییە چارەنووسسازەکان هەڵقورتاندووە؟ لێرەدا پێویستە ئەوەیش لەبیر نەکەین ئەگەر رۆژێک لە رۆژان ئەدەبی بەرگریمان هەبووبێ، ئەوە لەسەر دەستی کەسانێکی وەک سەرڕاج شەقڵی گرتووە و گەشونمای بە خۆی داوە و لە شارەوە بوونی خۆی راگەیاندووە و سەلماندوویەتی، نەک بە پێچەوانەوە! ئەو قەڵەمە بێ گومان جگە لە خوێنی پاکیزە و پەتییانەی پێشمەرگەیەک چی تەڕ و پاراوی کردووە و وای لێ کردووە ژیان بە دەقگەلێک ببەخشێت تا ئەو سەبجێکتانە لە تانوپۆیاندا دالّدە بدەن؟

چیرۆک، راستییەکەی هاوشێوەی تەونی جاڵجاڵۆکەیە، هەروەک ئەوەی ڤێرجینیا وۆڵف دەڵێت، دەشێ زۆر گونجاوانەیش هاوپەیوەست و یەکانگیر بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا لە هەموو گۆشە و چەمکەکانەوە بە ژیانەوە یەکانگیرە، بۆیە ناسنامەی راستەقینەی ئەو سەردەمەن کە ژیانیان تێدا گوزەراوە، ئەمەیش گەواهیدەری ئەوەیە نووسەر چەند ئەمەکداری سەردەمەکە و ئەو دیمەن، یان ئەو رووداو و بابەتانە بووە کە پێکیان هێناوە. بە واتایەکی دی، ئەمە پێناسەی سەرڕاجە و ئەو وەفادارانە سەربردە و حەکایەتی سەردەمەکەی خۆی نووسیوەتەوە. لە هەندێ لە چیرۆکەکانیشیدا وەک کامیرایەکی هەستەوەر پەی بە چاوی سەرڕاج دەبرێت و خۆیشی وەک دەرهێنەرێکی بەهرەمەندی ناوازە کە دنیایەک دەخولقێنێ خوێنەر وا دەزانێت تێیدایە، بەڵام لە کوێ؟ رەنگە لە خەونەکانیدا، ئەو شتانەی لەو دنیایەدا دەیانرسکێنێ، دەزانن بۆ لەوێن، یانی ئەرکێکیان هەیە و بە ئەنجامی دەگەیەنن، ئەو رۆح لەبەرانەی ناویشی بە جۆرێک رۆڵی خۆیان دەبینن، وەک بلێی رۆڵ نابینن، بەڵکو لەناو ئەو بارودۆخانەدا دەژین کە بەسەریاندا فەرزکراوە. ئەمە لەوانەیە بووبێتە مایەی ئەوەی کە کاریگەرییەکی بێ پایانی هونەری سینەمای لەسەردا بێت و برێک لە تێکستەکانیشی بریتی بن لە چەند گرتە و دیمەنێکی سینەمایی پێکەوە لکێنراو، لەوانە هەر بۆ نموونە دەقەکانی (خۆراک- بە خەڵووزیش نیگار دەکێشرێت..)، هەروەها بە رادەیەکی زۆر مۆنتاژی سینەماییش بەکار دەبات، بۆ ئەمەیش دەتوانین تەماشای چیرۆکی(رێگای بانە) بکەین، کە ئەم تەکنیکە بۆ بازدان لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر بەکار دەهێنێت، نەک بۆ گواستنەوە لە ئاستێکی دیاریکراوی بابەتێکەوە بۆ ئاستێکی تری هەمان بابەت بەکاری بهێنێت، ئەمەیش دەبێتە هەوێنی پەرت کردنی بیری وەرگر و سەرئەنجامیش تاقە بابەتێک- کە سەرەکییە- مەحکەم و پتەو خۆی نانوێنێت و هەست بە بوونی چەند بابەتێک دەکرێت و شیرازە تێک دەچێت، کە لە تاقەت و وزەی کورتە چیرۆکدا نییە زیاد لە بابەتێک لەخۆ بگرێت و بەوەیش دەقێکی ناتەواو، یان لەبارچوو رەحمی داهێنان بەجێ دەهێڵێت و تەنیا و تەنیا وڕێنەیەکی زمانەوانییانە لەدایک دەبێت.

بێ گومان سەرڕاج لە کورتە چیرۆکەکانیدا- بەتایبەتیش ئەوانەی سەرەتای، زۆر تایبەتیانەتریش لە سەروبەندی نووسینی کۆچیرۆکی (لاکێشە رووناکەکان)دا تەواو پێگەیشتووە، واتە زانیویەتی چی دەکات و لە میانەی دەقەکانییەوە تەعبیری لە ئەزموونێکی هونەرییانەی کامڵ کردووە، چاوێک بە یەکەمین چیرۆکی (راوە

گـورگ- ١٩٧٠)دا بخـشـێنە ڕاسـتی ئەم قـسـەیەت بۆ دەردەكـەوێت، چونكە بیـرمـان نەچێت ئەو پێـشـتـر بە ئەزموونێکی هونەرییانەی کامڵدا ڕابوردووە، کە ئەویش ئەزمـوونی هونەری شـێـوەکـاری بووە، بێ گـومـان هونەری شێوەکارییش ئەزموونی ساتوسەودا کردنە لەگەڵ هێڵ و ڕەنگ و ڕووبەر و باڵانس وەدی هێنان و...تاد، کـە دیارە گـواستـنەوەی ئەم ئەزمـوونە هونەرییە بۆ جـۆرێکی دیکە و ژانرێکی دیکە یارمـەتیـدەر بووە بۆ گـواسـتنەوەیەکی هۆشـیـارانەی بەرکـەمـاڵیـیـە هونەرییەکەیشی، چونکە ئەگەر زیاتر لە جەستەی هەندێ دەقی وردبینەوە، ئەوە پەی بەوە دەبەین هەوڵی بە دیمەن کـردنی بابەت دەدات، بابەتێکی نادیار، بەڵام لەوانەیە وشەیەک، یان چەند وشەیەکی کەم گوزارشتی لێ بکەن وەک لە دەقی(خـۆراک) و هەندێ دەقی تریدا دەبینرێت، بە واتـایەکی تر دیمەن لە هەنـدێ لە تـێکـسـت سەرەتاییەکانیدا جێگای بابەت پڕ دەکەنەوە.

چیـرۆک، ئەگەر مارکیز وتبێتی: (ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر قەناعەتم بەوە هەیە لە ڕۆمان پایەبەرزتر و باڵادەستـترە.) هەمـیشـە جێی بایەخ بووە و هەرگـیزیش ڕووی لە کزی نەکردووە و لە دەمی سەرهەڵدانیشییەوە لە تانوپۆی ئەدەبەکەمان پاشەکشەی نەکردووە، بەڵکو ئەوەی ڕووی لە کـزی کـردووە، وەک هەمـوو بوارەکـانی تری ئەدەبەکـەمـان، داهێنانە لە کـایەی چیـرۆکـدا، یانی ڕاسـتـییـەکـەی داهێنان لەم بوارە لە کـەمـیی داوە، نەک نووسینی، چونکە نووسین لەم کایەیەدا بەردەوامە، بەڵام دەقی شایسـتـە و داهێنەرانە تابڵێی دەگـمـەنە، ئەو دەقە دەگمەنە کە بە بیر و خەیاڵ دەخوێنرێتەوە. واتە شتێکی ئەوتۆی تێدایە دەچێتە ناو چوارچێوەی بیر و خەیاڵەوە و ون نابێت، یان ئەگەر لە خەیاڵیشدا ون بێت ئەوە هەرگیز لە بیـر بەلەسـە نابێت. لەوانەیە ئەو قـسـەیەی مـیـلان کوندێرا سەبارەت بە مردنی ڕۆمان بۆ چیرۆکیش ڕاست و بەجێ بێت کە دەڵێت: (ئێمە ئەمڕۆ دەزانین ڕۆمان چۆن دەمـرێت: ون نابێت، بەڵکو مـێـژووەکـەی ڕادەوەسـتـێت، دواجاریش لەو زەمەنی دووپاتبوونەوەیە بترازێ کە ڕۆمان شەقڵە لە ڕوح بەدەرەکەی خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە هیچی تر نامێنێتەوە.)، واتە لەم کۆنتێکستـەدا دەکرێ بوترێ ئەوەی ئێستا لە کایەی چیرۆکدا دەیبینین مێژووەکەی ڕاوەستاوە و هەڵگری ڕوح و خەسڵەتەکانی سەردەمەکەی خـۆمـان نیـیـە، بەڵکو زۆربەی لاساییکردنەوەیەکی بێ چەند و چوونی ئەدەبی فەنتازیئامێزی نووسەرانی جیهانە و واقیعەکەمانی تێدا نەتوێنراوەتەوە.

هەندێ چیـرۆکنووس پێـیـان وایە ئەو زمـانەی لە نووسینی دەقی چیرۆکدا پیادەی دەکەن، پێویستە سفت و تۆکمە و کۆنکریت بێت و تا ئەو ڕادەیەیش چڕوپڕ بێت کە لە خوێندنەوەیدا هەست بکەیت شیعر دەخوێنیتەوە، بەڵام شیعر پتر حەوجەی بە خەیاڵ هەیە و پێی دەخوێنرێتەوە، لە کاتێکدا چیرۆک سەرباری خەیاڵ، پێداویستـیی بە بیـریش هەیە بۆ ئەنجامـدانی پرۆسەی خـوێندنەوە، بۆیە پێویستە چیرۆک ستراکتۆرێکی ئەوەندە چڕ و سیخناخی نەبێت، چونکە زۆرجار فۆرمی چڕوپڕ و شیعرئامێز دەبێتە کۆسپ لەبەردەم گەیشتنی بابەت بە بیر و هۆکارێکیشە بۆ تەواو نەبوونی بازنەی نـووسـەر- دەق- وەرگـر. بێ گـومـانیش هەمـوو چیـرۆکێک پرسـیـارێک بەرجەسـتـە دەکـاتەوە، ئەو پرسـیـارە بەدوای وەڵامـدا عـەودالە، ئەو وەڵامـەیش بێ چەند و چوون دەبێ لەناو تێکسـتـەکـەدا بدۆزرێتەوە، واتە نووسەر پێویستە ڕووبەری دەق بکاتە گـۆڕەپانێک بۆ بیـرکـردنەوە لە وەڵام، یان وەڵامـدانەوەی ئەو پرسیـارانەی دەق بەرهەمیـان دەهێنێت. ڕەنگە لێرەدا پرکێشی ئەوەیش بکەین و بڵێین پرسـیـار، واتە بابەت وورووژاندن، بابەتیش پێویستی بە چارەسەری لۆژیکییانە هەیە، واتە وەڵام پێـویسـتـە چارەسـەر بێت بۆ پرسـە بەرچاوخراوەکان.

بێ گـومـان نووسین لە لای عـەبدوڵڵا سـەراج ژیانە، پیـشـە نیـیـە، ڕیتـواڵێکی باڵایە و پێـداویسـتـیـیـەکی هەمیشەییە. ئەو دەنووسێت، چونکە لە بنەمادا- نووسین بەرجەستەکردنی مانایە- هەروەک خۆیشی لە شوێنێکدا ئامـاژەی پێ داوە. هۆکـاری نووسین شـتـێکە، شـتـێکی پێداگرە و دەبێ بیڵێت و بیدرکێنێ، بەڵام تەنیا بە تاکە کەسێک نا، بەڵکو بۆ گشتێک بیدرکێنێت، بۆیە نووسین لەلای ئەو بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێت و دەگاتە چڵوپۆپە:

**قۆناغی یەکەم: گەڕان بەدوای خود.**

**قـۆناغی دووەم: ئەفەرۆز کـردن، یان لەکـۆڵکردنەوەی ئەو خودە.**

لێرەدا مەبەست بەخشینی ڕەهەندێکی گشتگەرایە بە خود، نەک ڕاکردن لێی و پەی بەوەیش دەبرێت سەراجی

نووسەر خودەکەی خۆی دۆزیوەتەوە، تێیگەیشتووە و ناسیویەتی، هەر ئەو خودەیش بووە کە ئەو ویستوویەتی لە پێناوی مەوزووعدا خۆی لێ دەرباز بکات، بێ گومان خۆی لێ دەرباز کردووە و بەسەریدا زاڵ بووە و لەو پێناوەیشدا تەسخیری کردووە. ئەم هەوڵە لەبەر ئەوە بووە کە سەرڕاج زانیویەتی لە هەموو شتێک کەمتر خودی خۆی دەناسێت و لە هەموو شتێکیش کەمتر پێداویستیی پێی دەبێت ئەگەر بیەوێت بیکات بە خودێکی هۆشمەند (خودی نووسەرێک)- چونکە سەرەنجام تەماهی لەگەڵ خودە گەورەکەدا دەکات، خودی نەتەوە- واتە نووسین، خودی ئەو ئەبەدییەتەیە نووسەر گیرۆدە دەکات و ئەویش لە گەڕانە بوودایانەکەی خۆیدا بەدی دەهێنێت کە گەیشتنە بەو گوڵ، یان ئامانجەی خودی گەڕانەکە خۆیەتی و مانای گەڕانەکەیەتی کە تێیدا ڕوحی خۆی بەدی دەهێنێت و لە هارمۆنییەکدا لەگەڵ کەماڵ گرێی دەدات و پەند و درک و تێگەیشتن و مەعریفە و حیکمەتی خۆی لەناو وشەکانیدا وەک یادەوەرییەکانی ناو یادێک بەجێ دەهێڵێت، چونکە ئەو، مەخلووقێکە لە سۆراخی مانادایە هەروەک ئەفلاتوون دەڵێت و پێویستە وشە بپێتێنێت و بە مانا ئاووسی بکات.

ئەگەر هەندێک بگەڕێینە دواوە، بۆمان دەردەکەوێت چیرۆک لە حەفتاکان بەدواوە و لەسەر دەستی چەند نووسەرێک، کەوتە مامەڵەیەکی جیددییانەتر لەگەڵ هونەر و تەکنیکە تازەکانی ئەم ژانرە. سەرڕاجیش هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، بە زانیاری و مەعریفەیەکی سەرانسەری لەبارەی تەکنیکە تازەکانەوە هاتە مەیدان و بە توانابییەکی سەرئاساوە ڕووبەری تێکستەکانی خۆی کردە لابۆرێک، ئەگەر بشێ وا بڵێین، بۆ تاقیکردنەوەی سەرجەمی ئەم تەکنیکانە، ئەگەرچی تەمەنی نووسینی ئەو لە نیو سەدە پتریش ماڵئاوایی کردووە و قەڵەمەکەی فوارەیەک بووە هەر تەنیا قەڵبەزەی سەرومڕی بەرجەستە نەکردووە، بەڵکو قەڵبەزەیەکی بەرهەم هێناوە کە بە شەبەنگێکی تابڵێی جوان و تۆکمە ڕازاوەتەوە. ئەوەی بەرهەمەکانی ئەویشی موتابەعە کردبێ، چ چیرۆک، یان ڕۆمانەکانی، درک بەوە دەکات سەرڕاج بابەتگەلێکی پێرفێکتی بۆ برێک لە بەرهەمەکانی، بەتایبەتیش کورتە چیرۆکەکانی دەستەبەر کردووە و توانیویەتی لە چوارچێوەیەکی پڕ بە پێست و شایستەدا جێگایان بکاتەوە. بالادەستیشی بەسەر شێواز، واتە بنیادنانی پەیکەرەی دەقەکانی و ئێلیمێنتە پێکهێنەرەکانی، هەر لە زمان، بابەت، تەکنیک، شەقڵ و ئەو هونەرەیش کە بەکاری دەهێنێت نەک هەر تەنیا لەم سەروبەند و هەنووکەیەدا، بگرە لە هەموو ئان و زەمانێکدا ئەدەبێکە هەمیشە هەژموون و بەرجەستەیی خۆی دەپارێزێت و هیچ دەقێکیشی نەمەتییانە شەقڵیان نەگرتووە، واتە هەرگیز کلێشەی بۆ نووسین نەبووە، چونکە بێجگە لەوەی هۆشمەندانە گرینگی بە شەقڵ و بنیادی دەرەکییانەی چیرۆکەکانی داوە بەبێ ئەوەی ناوەڕۆک پشتگوێ بخات، هەمیشە و لە هەموو دەقێکیشیدا یەکێک بووە لە ئەزموونگەرە دەگمەنەکانی نووسین، هەموو داهێنانەکانی هەوڵی بێ هاوتا و جیددین بۆ گەڕان بەدوای شەقڵ و شێوازی جیاواز، بۆ کەشفکردنی دنیا و کارەکتەری جیاواز بۆ هونەری گێڕانەوە، لەبەر ئەوەی چیرۆک لەلای ئەو هەرگیز زادە و لەدایکبووی هەستێکی کوتوپڕ نەبووە، هەروەک ئەوەی شێروود ئاندرسن دەڵێت، بەڵکو کەڵەکەبوونی کۆمەڵێک شتی دەرەکی و ناوەکییە، کە سەرەنجام تێیاندا خود و بابەت لە خاڵێکدا یەکانگیر دەبن، ئیتر نووسینی دەق دەبێتە پێداویستی و زەروورەتێکی پەیگیر و جەخت لە هاتنە بوونی خۆی دەکاتەوە. لێرەدا هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێ دا دەبێ بڵێین سەرڕاج هەوڵێکی تاقەتپڕووکێنی بۆ ئەوە داوە دەقەکانی خۆی بکاتە ڕووبەر بۆ ئەزموون کردنی تەکنیکەکانی گێڕانەوە، هەر بابەتێکیشی بەگوێرەی تەکنیکی جیا و هەندێ جاریش هەمان تەکنیکی بۆ بابەتی جۆراوجۆر بەکاربردووە، یانی لە ڕێگای ئەو تەکنیکە هەمەجۆرانەوە بابەتەکانی چوارچێوەڕێژ کردووە و ویستوویەتی ئامانجێکی گرینگ بپێکێ، ئامانجی ئەوەی وەرگر بە ڕیتمێکی ئارامتر بیورووژێنێ و بیکاتە خاوەنی بارێکی دەروونیی جیاواز و کاریگەرییەکی پۆزەتیڤانە بە قوولایی ناخی ببەخشێ. شایانی وتنیشە ئەو لە سەرجەمی چیرۆکنووسە هاوچەرخەکانی خۆی هۆشیارانەتر تەکنیکی لەناو دەقەکانیدا تەوزیف کردووە و دەشێ تەکنیک بە گوزارشتێکی سادە بەو شێوازە پێچوپەنادارانەیە پێناسە بکرێت کە چیرۆکنووس ئاگایانە، یان بێ ئاگایانە لەکاتی نووسیندا پەیڕەوییان لێ دەکات، یان هەندێ جار بابەت خۆی هەڵیدەبژێرێت و

نووسەر ملکەچی بژاردەی بابەتەکانی دەبێت و بە ویستی ئەوان هەڵسوکەوت دەکات. دەکرێ ئەو تەکنیکانەی سەرەراج بەکاری بردوون بەم شێوەیەی خوارەوە چڕ بکەینەوە:

* **دایەلۆگ:** گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان. چیرۆکی (ڕێگای بانە) بە نموونە.

* **مۆنۆلۆگ:** دیارخەری ژیانی ناوەکییانەی کارەکتەرە و دوو جۆرە:

**١- مۆنۆلۆگی خودئاگا:** لە یادەوەرییە خواستەکییەکان نزیک دەبێتەوە. دیارترین خەسڵەتەکانیشی چڕوپڕی و یەکگرتووییە و بە شێوەی بیرکێشەکێی (تەداعی) هەستەکییانەی بە خودئاگاوە شەتەکدراو و مەحکووم پێوەی دەرسکێت و یادکردنەوە و ڕاز و نهێنی درکاندن و خەیاڵ کردن هەڵدەڕژێت. نموونە چیرۆکی- قەفەز، هەروەها چیرۆکی باران و زۆر شتی تر.

**٢- مۆنۆلۆگی ناخودئاگا:** لە یادەوەرییە ناخواستەکییەکانەوە نزیک دەبێتەوە. دیارترین خەسڵەتەکانیشی پەرتوبڵاوی و یەکنەگری و ڕاشکاوبوون و وڕێنەکردن و بیرکێشەکێکانی یادن. نموونە چیرۆکی- فانتازیا و تابلۆیەکی کێوی، پەیکەر، لەناو گەدەی نەهەنگێکدا.

لە هەردوو حاڵەتەکەیشدا چیرۆکنووس ناڕاستەوخۆیانە پێوەندی لەگەڵ ئەوی دی- خوێنەر- دا بەرقەرار دەکات.

* **شەپۆلی هۆش:** وەسف کردنی ڕەوتی بەردەوامی بیر و هەستە لە هزری مرۆڤدا هەروەک دەیڤد لۆج دەڵێت و شێوەیەکە لە شێوەکانی مۆنۆلۆگی ناوەکی، بەڵام ئەم شێوەیە لە مۆنۆلۆگ ڕەوتێکی سەربەست و ڕەهای هەیە لە دەرکەوتن و بە بێ هیچ بەربەست و کۆسپێک هەست و بیری کارەکتەرەکان دەخاتەڕوو، واتە هەست و بیرەکان بە شێوەیەکی زۆر خۆرسکانە مانیفێست دەبن و بەر لەوەی شەقڵێکی پێگەیشتوو لە خۆ بگرن و چوارچێوەی ئاگاییەک شیرازەیان بڕسکێنێ، هەروەها ئەو دەقانەیش دەگرێتەوە کە پرۆسە ئەقڵییەکان دەردەبڕن، بە تایبەتیش هەوڵ بۆ قۆزتنەوەی ئەو کەسایەتییە خاوەن پرۆسە ئەقڵییە ڕەمەکی و نارێکوپێک و پەرتوبڵاو و بە بیرکێشەکێ قانگدراو و شپرزەیە دەدەن. جگە لەوە ئازاد کردن و ڕەهاکردنی زمان و ئەو بیرۆکە و قسە هەڵڕشتنانەشە کە پتر ناخودئاگا چاوگەیەتی و ملکەچی دیسیپلین و ڕێکخستنێکی لۆژیکی، یان نالۆژیکییە و هەوڵدەدات لە ڕێگای بەرهەڵدا کردنی هەست و نەستەوە ئەو بابەتانە بەرجەستە بکات کە دەیەوێ پێشکەشیان بکات، پێ بەپێی یەک بە دوای یەکدا هاتنی زنجیرەی ڕووداوەکانیش ڕۆڵ نابینێت، یان شێوەیەکی کرۆنۆلۆژییانە ناگرێتەبەر بۆ گێڕانەوە، لەمەیشدا بەو منداڵانە دەچێت کە بووکەڵەیەک دەدوێنن و پەیدەرپەی لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر باز دەدەن و زۆرجاریش هیچ پێوەندییەک لەمیانی برگەکانی گێڕانەوەکەدا بوونی نییە. هەر بۆ نموونە بڕوانە دەقی (ئاوێنە).

* **بیرکێشەکێ(تەداعی):** یانی بازدان، یان گواستنەوەی کتوپڕ لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر. دەشێ گواستنەوەکە لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر بێت، یان ئاماژەدان بێت بە شتێک، پاشان کردنی بێت بە بابەت لە ناوکۆی دەقدا، کە دەکرێ بە کرانەوەی بیر و خۆهەڵڕشتنیش لێک بدرێتەوە. تەداعیش دوو جۆرە:

**١- تەداعی شوێنی:** بۆ نموونە من لە شوێنێکدام، ئەو شوێنە شتێکی هاوبەشی تێدایە شوێنێکی ترم دێنێتەوە بیر، یانی ئەو شوێنەی دەبێتە ئەنگێزە بۆ یادکردنەوەی شوێنێکی تر. سەرەراج لە هەندێ لە چیرۆک و پتریش لە ڕۆمانەکانیدا جەخت لەم تەکنیکە دەکاتەوە.

**٢- تەداعی کاتی:** کتوپڕ لە کۆنتێکستی چیرۆکدا کارەکتەر بڵێ: باوکم، یان هەر کەسێکی دی، بۆی گێڕامەوە- یانی گواستنەوە لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی تر، واتە گەڕانەوە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر کە ڕابوردووە، ئەمەیش لە هەندێ لە چیرۆک و لە ڕۆمانەکانیشیدا زۆر بەکار هاتوون.

* **فانتازیا:** سەرەراج هەندێ جار فانتازیایش وەک تەکنیک بەکار دەبات، فانتازیایش پێویستی بە دوو ڕەگەزی سەرەکی هەیە: لە لایەکەوە پێویستی بە خەیاڵ هەیە، لەلایەکی تریشەوە پێویستی بە وێناکردنێکی ئەفسانەیییانەی جیاکارگەرای جیهانی سروشت و شتەکان هەیە. سەرەراج لە تەوزیفکردنی هەردوو لا، یان ڕەگەزەکەدا سەرکەوتوو بووە و باڵانسی لەناو دەقی (ئەو پیاوەی زوو سەری سپی بوو)، هەروەها دەقی (هەبوو نەبوو)دا بەدی هێناوە و فانتازیایەکی ئەوتۆی بەرهەم هێناوە جێی متمانە و باوەڕی خوێنەر بێت.

**جگە لەمانە:** تێکدانی کرۆنۆلۆژیای زەمەن، جێناوی

یەکەمین کەسی تاک- هەروەک لە چیرۆکی (ڕاسپێری)دا، جێناوی دووەمین کەسی تاک، هەروەک لە چیرۆکی (دەنکە شقارتەیەکی سووتاو و هێڵەک)دا، کە هاوکات تەکنیکی تەداعیشی تێدا بەکار هاتووە و پێم وایێ مەبەستەکەیش پتر نووسین بووە، نەک دەربڕینی بابەتێکی پێداگر، ئینجا جێناوی سێیەمین کەسی تاک، هەروەک لە چیرۆکی (بێدەنگیش زمانی هەیە)دا دەردەکەوێت، هەروەها: ئامرازی نادیار، فلاشباک، مۆنتاژی سینەمایی، کۆلاژ- کە لە هونەری شێوەکارییەوە خوازراوە- و گەلێکی تریش، بێ گومان سەڕاج ئەم تەکنیکانە وەستایانە بۆ هەندێک باری دەروونیی دیاریکراوی پابەند بە بابەتی دەقەکە تەوزیف دەکات، چونکە لە ڕۆژئاوایش کە سەرچاوەی تەکنیکەکانی گێڕانەوەیە، هەر لە خۆڕا و بێ مەبەست لەناو تێکستدا تەوزیف نەکراون، بەڵکو وەک تۆنێکی کاڵ، یان تۆخی حاڵەت و باری سایکۆلۆژی و فەزای دەق گونجێنراون و بەکار هێنراون. بەکارهێنانی ئەم تەکنیکانەیش خزمەتی زۆری گۆشەنیگا و دنیابینییەکانی ناو چیرۆک دەکەن، ئەگینا ئەگەر نووسەر لە خزمەتی بابەتی دەقەکانی پەنا نەباتە بەر ئەو تەکنیکانە ئەوە وەک ڕازانەوەیەک تەنیا فۆرمی تێکستەکەی جیاواز نیشان دەدەن و دەیکەن بە دەقێکی ڕووکەش و تەمەنێکی درێژ بۆ خۆیان دەستەبەر ناکەن، ئەویش بۆیە ئەم تەکنیکانە لە چیرۆکدا تەوزیف دەکات تا کاریگەرییەکی سایکۆلۆژییانەی پۆزەتیڤ لەسەر خوێنەر بەجێ بهێڵێت.

## چەند سەرنجێک سەبارەت بە شوێن لە دەقەکانی سەڕاج دا

بە پێی بۆچوونی گاستۆن باشلار، ئەگەر مرۆڤ بێ ماڵ و خانووبەرە بێت، ئەوە دەبێتە بوونەوەرێکی وردوخاش، ئەی ئەگەر ماڵ و خانووبەرە ڕەهەندێکی دیکەی گشتگر لە ژیانی مرۆڤ وەربگرن؟ ئایا ئەو مرۆڤە بە نەبوونیان چی لێ دێت؟ ئەگەر بە نەبوونی ماڵ وردوخاش بێت، ئەی بە نەبوونی نیشتمان چی لێ دێت؟ ڕەنگە هەر لەبەر ئەمە سەڕاج ڕەهەندی شوێن بە هەند و گرینگ وەردەگرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، هەر خۆیشی لە دیمانەیەکدا وتوویەتی: نە"جێ" هەیە بەجیا و نە"کات"یش هەیە بەجیا، یانی ناکرێ کات لە جێگا و شوێن داببڕدرێت. بەم پێیەیش بێت شوێن لەگەڵ ناسنامەدا جێگۆڕکێ(تماهی)پێدەکات و سەرلەبەری دەقەکانی دەکاتە دەربڕی ڕوحی شار و زێدەکەی، بۆیە لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا شوێن بابەتیانەیە- واتە شوێن واقیعییە- هەر بۆیە شوێن کۆنترۆڵی پرۆسەی خوێندنەوە دەکات و خوێنەر دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و بەسەر هزر و دەروونیدا باڵادەست دەبێت. پابەندبوونیشی بە شوێنێکی دیاریکراوەوە پابەندبوونە بە پرسی ئەو شوێنەوە و پابەندبوونەکەیش دیارە هەر پابەندبوونێکی سۆزداری، یان جوگرافی نییە، بەڵکو پابەندبوونێکی ڕوحییشە، چونکە ناسنامە و ئینتیمای خۆی لە دەقدا تەوزیف دەکات و بە وردی جوگرافیای شوێن دیاری دەکات و شوێنیش بنیادێکی خەیاڵییانە نییە، بنیادێکی واقیعییانەیە و ڕەنگدەرەوەی ژیانێکی هەڕەشە لێکراو و بە ترس گەمارۆدراوە و بێ چەند و چوون ئەگەری سڕینەوەی لەسەرە. جگە لەمانە وەسفی شوێنیش هەر بە خۆڕایی و بێ پاساو قوت نابێتەوە، بە پێچەوانەوە، هۆکارێکە بۆ یەکانگیربوونی توخمەکانی دەق و لە سەرەنجامدا یەکێتییەکی بابەتیانەی لێ بەرهەم دێت. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە تەوزیف کردنی بە شێوەیەکی وەسفئامێزانە کۆمەکی ئەوەی دەکات لە یادەوەریی وەرگردا بچەسپێ و نەمری دەستەبەر بکات، نەک تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی تێکست و درێژکردنەوەی بێت و بەس- کە ئەمەیش خەیاڵی خوێنەر سنووردار دەکات- بەڵکو دووبارە لە ناخیدا ئینتیمای بە شوێنەوە بەرجەستە و تۆخ بکاتەوە.

## ئاوڕدانەوەیەک لە زمان لای عەبدوڵڵا سەڕاج

زمان، سەرباری ئەوەی سەڕاج خۆی لە کۆنتێکستێکدا دەڵێت: هەندێک جار- ئامرازێکی ناتەواوە بۆ دەربڕین، بەڵام ڕەگەزەکانی گێڕانەوە ئاوێتەی یەک دەکات و نەشونما بە کردەی گێڕانەوە دەدات، گێڕانەوەیش بێ گومان بە ململانێی نێو گۆشەنیگاکان دێتەدی و بابەت دەخاتە چوارچێوەی شێوەوە و بە تێکەڵکێش بوونی گۆشەنیگاکان، یان بە ئاڵۆزبوون و بزرکانی گۆشەنیگاکان دەلالەت دەخولقێنێ، گۆشەنیگایش تەنیا ڕووبەری دنیابینی دیاری ناکات، بەڵکو ئەو زمانەیش دیاری دەکات کە ئەو فۆرمە دێنێتەدی دینامیکییەتی پێکهاتنی

ئەو دەقەیە کە بۆ شکڵە هونەرییە تایبەتییەکەی خۆی دەگەڕێت، هەروەک ئەوەی "یمنی العید"بۆی چووە. ئیدی ئا بەم جۆرە چیرۆک لۆژیکی بنیادەکەی خۆی بینا دەکات و پێ بەپێ هەموو بەشەکانی دەقەکە بەوە یەکانگیر دەبن کە ئەو بەشەی دواوە پێوەندی لەگەڵ ئەو بەشەی پێشەوە دەستەبەر بکات، واتە بەکورتی ئەمبێرتۆ ئیکۆ گوتەنی: گێڕانەوەی چیرۆکێک پێداویستیی بە بنیادنانی جیهانێک هەیە. ڕاستە ئەم جیهانە پێویستە بنیاد بنرێت و بێ گومان وشەکانیش (زمان) بەرەبەرە خۆوەکییانە دانگەڕێزە دەکەن، چونکە دەستبەسەرداگرتنی شتەکان پێش بوونی وشەکان دەکەوێت، ئەمەیش پێچەوانەی ئەوەیە کە لە شیعردا ڕوودەدات، لەوێدا دەستبەسەرداگرتنی وشەکان پێش دەستبەسەرداگرتنی شتەکان دەکەوێت.

لە هەقیقەتیشدا دنەدەری زمانی نووسین بابەتە و هەر ئەویش دەکرێ داینەمۆی نووسینیش بێت، بەڵام سەڕاج هەندێک جار خاوەنی زمانە لەگەڵ تەکنیک، هەندێک جاریش خودی زمان خۆی لەلای ئەودا بابەتە، کە ئەمانە دەبێ لە خزمەتی بابەت و ڕووداوێکدا بکەونەگەڕ، بۆ ئەوەی ئەرکی خۆیان بەدی بهێنن، چونکە ئەرکی ئەوان یارمەتیدانە بۆ گەیاندنی شتێکی دیاریکراو نەک هیچێکی گەورە، ئەمەیش بە بۆچوونی ئێمە بۆ سەڕاج بەڵگەنەویستە، لەبەر ئەوەی ئەو نەک هەر لەسەر ئاستی شێواز، تەنانەت لەسەر ئاستی زمانیشدا، ئەزموونکارێکی بەهرەمەندە و کاریگەرییەکی شەففافی هەمینگوای بەسەر پێکهاتەی ئەدەبەکەیەوە دیارە، بە تایبەتی ئەو مامەڵەیەی لەگەڵ زماندا دەیکات، کە ئەویش خۆی لە نووسینی ڕستەی کورت و گەیەنەر و پەیڕەوکردنی زمانێکی بێ گرێوگۆڵدا دەبینێتەوە. ئەوەی بە زەقی لەو چیرۆکانەیدا تێبینی دەکرێت کە جێ پێی ئەوی تێیاندا هەڵگرتووە و پەیڕەوی تایبەتمەندی و جیاوازییەکانی ئەوی کردووە، هەست دەکرێت کارێکی ئەوتۆیان ئەنجام داوە ئێمە پاش نزیکەی نیو سەدە لە خوێندنەوەیان پێمان وابێت سەڕاج هەوڵی بێ هاوتای تێدا داون بۆ ڕاوکردنی ڕوحی ساتەوەختەکانی سەردەمەکەی خۆی و توانیویەتی وەستایانە ئەمە لە هەندێ دەقیدا بەرجەستە بکات. بۆ نموونە دەقی: (پەین)، (هەشت و نیوی بەیانی- هەشت و نیوی شەو)، (گەڕان بەدوای)، (بارام ناوێک هەبوو)، (بڕیار) و..تاد. ڕەنگیشە لەلای هەندێ نووسەر زمان گوزارشت بێ لە دەرەوەی بابەت، یانی بابەت لە دەرەوەی زمان دەمێنێتەوە و زمانیش تەنیا گوزارشت لە خۆی دەکات، ئەمەیش هەندێ جار لەلای عەبدوڵڵا سەڕاج ڕوودەدات، لەو جاروبارانەیشدا پێویستە خوێنەر بۆ واقیعی دەرەوە- وەک ژێدەری دەق- بگەڕێتەوە تا بە تەواوەتی لە واقیعی ناوەوەی دەق حاڵی بێت، دیسانەوە وەک نموونە: دەقگەلی (برایم شۆڕاوی)، (لە چایخانەکەی مەچکۆدا) و هی تریش..ئەمەیش چ بۆ خوێنەری خۆماڵی، یان لۆکاڵی، چ بۆ خوێنەری دەرەوەی ناوچە لۆکاڵییەکەی ئێستا و دوارۆژی نووسەر کارێکی سەختە و هەرسکردنی نزیکە مەحاڵە، چونکە وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ دا زمان هەمیشە دەبێ دەستاوێژێک بێت بۆ دەربڕینی بابەت، واتە بابەت - مانا- دەبێتە کرۆکی زمان و بەرجەستەی دەکات، یانی بابەت لەناو زماندا دەمێنێتەوە و زمان دەبێتە گوزارشتکەر لە بابەت و پەیکێک بۆ گەیاندن. بەم پێیە زمان لەلای ئەو، پێدراوێکی ئامادە و حازربەدەست نییە، بە پێچەوانەوە، گەڕانێکی بەردەوام و هەتاهەتاییە بۆ ئاوسکردنی بە مانا تازەکانی ژیان. کەواتە ڕەهەندی زمان دەبێتە کالآیەک بۆ باڵای نیشتمان، یان چاکترە بڵێین جێگای نیشتمان دەگرێتەوە، کە زمانیش ڕۆڵی زێدی بینی، ئیتر تەماهی لەگەڵ شتێکی جەوهەریدا دەکات، بۆیە مرۆڤی هۆشمەند ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەو شتانە دەدۆزێتەوە کە لە ژیانیدا ونن، یان لە دەستی چوونە.

بەم پێیە، دەتوانین بڵێین نووسین هونەرکارییە و نووسەری کارامە و بەهرەمەندیش دەتوانێ ئەو بابەتانە داڕێژێتە ناو بۆتەیەکی هونەرییەوە، چونکە بەپێی ئەمبێرتۆ ئیکۆ، نووسین پشت بە دۆخەکانی گێڕانەوەی لامسەرلایی نابەستێت، بەڵکو نووسین سەنعەتە، ئەوەتا سەڕاج خۆیشی لە جێگایەکی کتێبی (دیدار بینییەکانم)دا دەڵێت: زۆرجار بە ئەنقەست، وشە لە مەبەستە فەرهەنگییەکەی دادەبڕم و..مەبەستێکی تری پێ دەسپێرم. وێنەی ئەوتۆ دەکێشم، کە خوێنەر ڕاچڵەکێ و دووبارە بە ڕستەکاندا بچێتەوە. وشە دەقرتێنم. ڕستە بە ناتەواوی دەهێڵمەوە بۆ ئەوەی خوێنەر پڕی بکاتەوە. بۆشایی بە شێوەیەکی ئەوتۆ بەکار دێنم کە جێگەی وشە

بگرێتەوە. نەک هەر ئەمە، ئەو، تەنانەت لە ڕۆمانی (پەرتەوازەی ئێرە و ئەوێکانی ڕەوان)یشدا دەڵێت: ئەز خۆم دەنووسمەوە، یان لواوترە بێژم: منەکانی ناخم دەنووسمەوە و دەیانگوازمەوە ناو چوارچێوەی زمانەوە. دیارە سەڕاج ژیرانە و ئاگامەندانە نووسین پراکتیزە دەکات و بەگوێرەی ئەوەی نووسەر بوونەوەرێکی ئاڵۆز و کۆمپلێکسە، هەروەک ڕۆلان بارت دەڵێت، پێویستە نووسەر بەدوای خوێنەردا بگەڕێت و فریوی ناو ئەو فەزایەی بدات کە دەیخوڵقێنێ، بەم پێیە بێت ئەرکی نووسەر بەلای ئەوەوە بە پلەی یەکەم دواندنی خوێنەرە تا شتێکی پێ بگەیەنێ، ئیتر ئەو شتە هەر شتێک بێت، چونکە ئەو خوێنەرە دەبێتە پیاوی ئەو فەزایەی نووسین دەیخوڵقێنێ. هەر بە هەمان شێوە خوێنەریش پێویستە لە دەقەکاندا بۆ نووسەر بگەڕێت، چونکە بێ چەند و چوون فەزای دەق ئەو شوێنەیە نووسەر تێیدا بوونی هەیە و نایشتوانین لە دەرەوەی ئەو فەزایەدا بۆ نووسەر بگەڕێین و بیدۆزینەوە، لەبەر ئەوەی ئەو تەنیا لەوێدا پراکتیزەی بوونی خۆی دەکات و خۆی لەناو تێکستەکانیدا ورد دەکاتەوە، یان با بە ماتماتیکییانە قسە بکەین، تێیاندا خۆی بەسەر کارەکتەر و وەسف و شوێن و کاتدا دابەش دەکات، بۆیە پێویستە ئەمانە هەمووی کۆ بکەینەوە تا کۆی گشتیی نووسەر بزانین، یان ببینین. نووسەریش بریتییە لە تەواوی خەڵک و کورت ناکرێتەوە، یان کورت نابێتەوە لە یەک "من"دا، هەروەک چۆن سەڕاج لە بڕگە ناوبراوەکەی سەرەوەدا جەختی لێ دەکاتەوە، هەر جارەی کە دەقێکیش بەدی دەهێنێت، ئەو "من"ـەی لەو دەقەدا تەوزیف کراوە، منێکە لەگەڵ ڕەهەندە تاکەکەیدا ڕەهەندی گشتییش هەڵدەگرێت، واتە یەکێک لەو منانەی نووسەر پێک دەهێنن، دەقۆزێتەوە و ئەرکی گێڕانەوە، یان بە کارەکتەر بوون دەبینێ. بەمە، دەتوانین باوەڕ بەوە بهێنین نووسەری جیددی و ڕاستەقینە و ڕەسەن هەموو منەکان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە و لە کاتی جیاجیادا سوود لە بوونیان وەردەگرێ و دەبنە بەدیهێنەری نووسین، وەکی تر بڵێین نووسەر بەگوێرەی ئەم دەربڕینە، هەڵگری ویژدانی دەستەجەمعییە. پێگەیشتنی هونەرییانەی هەندێ لە دەقەکانی سەڕاجیش سەرەنجام هەروەک (یەحیا حەقی) دەڵێت لە ڕێکەوتنی هەموو ڕەگەزەکاندا خۆی دەبینێتەوە. بیرۆکە و چارەسەر و زمان و...، چونکە زمان دواجار هەر تەنیا مەسەلەیەکی فەرهەنگی و کولتووری نییە، بەڵکو قاڵبی فیکریشە.

ئەگەرچی گەورەترین خەسڵەتە نیگەتیڤەکانی ئەدەبەکەی عەبدوڵڵا سەڕاج، ڕەنگە بە بۆچوونی ئێمە: ئیحا و ئاماژەدان بن بە کۆمەڵێک سیمبۆلی مێژوویی و ئەدەبی و هونەری و..تاد کە خوێنەر هەواڵەی دەرەوەی دەق دەکەن و زۆرجار دەبێتە هۆی نەگەیشتن بە سەرچاوە شرۆڤەکارەکان و دابڕان لە دەق و نەهاتنەوە سەری، جەخت کردنێکی زیاد لە پێویستی گەمە کردن بێت بە زمان، ئەویش پێمان وابێ ئەو گوزارانەی ئەو بە داهێنانیان لە قەڵەم دەدات و ئیشیان لێ دەکات و لە هەندێ لە دیمانەکانیشیدا جەختیان لێ دەکاتەوە، ئەوەندەی هەوڵن بۆ دامەزراندن و چەسپاندنی زمانێکی تایبەتمەند و تاکڕەو، تا ئەو ڕادەیە داهێنان نین، چونکە سەڕاج بە شێوەیەکی هۆشمەندانە زۆر زیاتر لە هەوڵی ئەوەدایە زمانێکی سەڕاجانە بۆ خۆی بنیاد بنێت نەک شتێکی تر، جگە لەمەیش ئەو، بە پلەی یەکەم گەمەیەک دەخاتە ناو زمانەوە بەر لەوەی مەبەستی بەرجەستەکردنی ڕووداو، یان بابەت بێت، خۆی بەرجەستە دەکات، لەبەر ئەوەی سەڕاج زۆرجار ڕووداو و بابەت وەک زمان دەبینێ، زمانیش خۆبەخۆ بەهایەکی ئەدەبییانەی نییە، ئەگەر بێت و نەبێتە قاڵبێک بۆ بابەت و ڕووداو و فیکر، ئەمەیش تاڕادەیەک وەرگر بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات و وای لێ دەکات هەست بەوە بکات زمان ئامانجی یەکەمی سەڕاجە، نەک خودی گێڕانەوەی بوویەرێک، بەم شێوەیە مەودایەک لە نێوان دەرەوە و ناوەوە بەرجەستە دەبێت.

## چاوخشاندنێکی خێرا بە ناسنامەی کارەکتەر لای سەڕاج

ئەگەر هونەر خوڵقاندن و داهێنان بێت، ئەوە ئەرکی یەکەمی نووسەری چیرۆک خوڵقاندنە لە ناو خوڵقاندندا. یانی چیرۆک دەخوڵقێنێ و لەناو چیرۆکیشدا پێویستە، بێ گومان، کارەکتەر بخوڵقێنێ. کارەکتەریش، گرینگترین تاقە توخمی چیرۆکە هەروەک دەیڤد لۆج دەڵێت و بەو شێوەیە پێشکەشیان ناکات کە جاران ڕووبەری لە ناو چیرۆکدا پێ دەبەخشرا، وەک ئەوەی وەسفی: جەستەیی، دەموچاو، یان نوێشکێک لە بیۆگرافیاکەی بکات، بەڵکو ئەم شتانە خەسڵەتێکی لاوەکییان لە ئەدەبەکەی ئەودا هەیە و تۆخیان ناکاتەوە و

پێداگرییان لەسەر ناکات و ڕێگای تر دەگرێتەبەر بۆ جێ پێ بەخشینیان لە تانوپۆی دەقدا و لێیان دەگەڕێ هێواشەکی لە ڕێگای دەرخستنی سایکۆلۆژییانە و پراکتیزەکردنی زمانەوە وەرگر وێنایان بکات، ئەگەرچی دەق لەلای سەڕاج زمانێکی داهێنەرانەی یونیڤێرساڵیش بەسەریدا باڵادەستە، هاوکات لە سایەی دەقەوە خۆی لە هەڵچوونە کەسییەکان دەرباز دەکات، بۆیە کەسێتی، یان کارەکتەر لە ڕووبەری زۆربەی تێکستەکانی ئەودا ئامادەگییەکی پەیگیری هەیە. ئەو، هەروەک چۆن"گرەیهام گرین"دەڵێت: هەروەک چۆن منداڵ لە ڕەحمەوە دێتە دەرەوە، ئە ئاوا، کارەکتەر لە ڕەحمی خۆیەوە دێنێتە دنیای نووسین و ژینگەیەکی هاوبەشی فەرزکراو لەناو چیرۆکەکانیدا بەرجەستە دەبێت و لە فەزای دەقدا جێگیری دەکات، فەزای دەقیش بریتییە لە دوو فەزا: فەزای دەلالی و فەزای چیرۆک. فەزای یەکەم ئەو فەزایەیە ڕووداوەکان و هەست و سۆزی کارەکتەرەکانی چیرۆک لە دەرەوەی خۆیاندا دایدەمەزرێنن، فەزای دووەمیش ئەو پێوەندییە توندوتۆڵ و پتەوەی نێوان ڕووداو و کارەکتەر و پێکهێنەرەکانی دیکەیە کە دەق لەناوەوەی خۆیدا دایدەمەزرێنێ، واتە فەزا بریتییە لە شوێن و کات، نەک کتومت وەک ئەوەی لە واقیعدا هەن، بەڵکو وەک ئەوەی لەناو دەقدا بەدی دێن و واقیعی دەق دادەمەزرێنن.

سەڕاج، بێ گومان بەر لە هەموو شتێک وێنەی ناوەکییانەی کارەکتەرەکانی دەکێشێت و بایەخی پتر بە دەروونیان دەدات و ئەوە بەرجەستە دەکات کە لە ناواخنیاندا دەگوزەرێ و وەک نهێنییەک مامەڵەی لەتەکدا دەکات. کەسێتی ناو چیرۆکەکانی لە واقیع دوورناکەونەوە، چونکە لەناو جەرگەیەوە لەدایک بوون، یان دەری هێناون و ڕێک خستوونێتییە ناو چوارچێوەی دەقەکانییەوە، لەبەر ئەوەی تێکست وەک ئەوەی"واشینگتن ئێرڤینگ"ی چیرۆکنووسی ئەمەریکی دەڵێت: هەر تەنیا چوارچێوەیەکە دەکرێ بابەت و کەسێتییەکان و کات و شوێن و...بخەیتە ناو تانوپۆکانییەوە. دیارە کە سەڕاجیش دیدی تاکمەندانە بەسەریدا زاڵە کە دەربڕی جیهانی ناوەکی و خودییە و بەسەر کارەکتەرەکانیدا دەیسەپێنێ، یان دیدی گشتییانە بەسەریدا زاڵ و باڵادەستە کە دەربڕی جیهانی دەرەکی و بابەتییانەیە و لێدەگەڕێ کارەکتەرەکانی ئازاد بن لەوەی خۆیان سەبارەت بە خۆیان بدوێن و گوزارشت لە خۆیان بکەن، نەک لەجیاتی ئەوان نووسەر ئەو کارە بکات، بۆ نموونە دەتوانین تەماشای چیرۆکی (قەفەز) بکەین، ئەگەرچیش پتر بە مۆنۆدرامایەک دەچێت، یەکێکە لەو دەقانەی کارەکتەر بە بەرکەماڵی تێیدا خوڵقێنراوە، وێڕای ئەوەیش چیرۆکێکی سەرکەوتووە، چونکە تەمومژ، یان سیمبۆل و هێماکانی گەردوونین و گرەو لەم زەمەنە دەباتەوە و لە زەمەنەکانی داهاتوویشدا ئامادەییەکی بەردەوام بۆ خۆی دەستەبەر دەکات.

ئەگەر هەر کتێبێک گەشتێک بێت، نەخشەیەک بێت بۆ چوونە ناو ئاڵۆزییەکانی زەین و ئاوەزی مرۆڤ و ڕوحی، وەک ئەوەی ئەلیف شەفەق دەڵێت، ئەوە چیرۆکەکانی عەبدوڵڵا سەڕاج وەک گەنجینە وان، پێت وایە سەروەت و سامانیان پێ بەخشیوی، یان گەنجینەیەکت کردووەتەوە و دەزانی بێ چەند و چوون شتێکی بەهاداری تێدا دەدۆزیتەوە و کاتەکەت نرخێکی تری دەستەبەر کردووە، چونکە هەر دەقە و گەشتێکە، بە شوێن و کاتێکی دیاریکراوەوە پەیوەستە و دواجار بە سەردەمێکی دیاریکراویشەوە پەیوەستە، بێجگە لەوە هەر یەکە و نەخشەیەکیشە بۆ ناسینی ڕەهەندە ناوەکییەکانی نووسەر، یانی زەین و ئاوەز و تێفکرین و ڕوحی ئەو و لەویشەوە بۆ ناسینی ڕەهەندە دەرەکییەکانی نووسەر، واتە ناسین و ئاشنابوون بە ڕووداو و ئاڵۆزییەکانی ئەو سەردەمەی تێیدا ژیاوە و بووەتە هەوێنی شەقڵگرتنی تێکستەکانی و دۆکیومێنت کردنی مێژووش بە شێوازێکی ئەفرێنەرانەی باڵا، ئەویش بە بۆنەی ئەوەی شایەدحاڵێکی ڕاستگۆی سەروبەندێکی جەنجاڵ و تێکچڕژاو بووە، بۆیە ئەو یاقووتەکانی داهێنان دەدۆزێتەوە، ئەو یاقووتانەی سەدان چاو بە تەنیشتیدا گوزەر دەکەن و سەرەنجام هەر ئەو چاوانە پەی پێ دەبەن کە تەنیا لە یاقووت دەگەڕێن، ئەی ئەوە نییە خودی سەڕاج خۆیشی لە کورتە چیرۆکی (جوانوویەکی سپی)دا دەڵێت: چاو هەیە شتی ئەوتۆ دەبینێ کە چاوێکی ئاسایی نایبینێ.. بێ گومان وایە، چونکە ئەو جیاوازە و لە کۆتاییدا ئێمە تەنیا، هەروەک ئەوەی ئەلیف شەفەقیش لە شوێنێکی ڕۆمانی (شەرەف)دا دەڵێت: لە جیاوازی فێری شت دەبین، نەک لە چوونیەکی. بە

گوێرەی بیروڕای فەیسەڵ دەرڕاجی ڕەخنەگریش بێت، ئەوە هەموو مەعریفەیەکی ڕاستەقینە مەعریفەیەکی ڕەخنەییە، بەو پێیەش بێت ئێمە ناتوانین بڵێین هیچ مەعریفەیەک شک دەبەین ئەگەر لە خوێندنەوە بابەتگەرا نەبین، ئەو مرۆڤەیش کە هەڵە و ناتەواوییەکانی خۆی نابینێ و متمانەی بەوەیش نییە خەڵک کێماسییەکانی ببینن، ئەوە تووشی کوێرییەکەی ساراماگۆ بووە و وەک خوایەک تەسەوری خۆی دەکات کە هیچ شتێکی ناکامڵ بەرهەم ناهێنێت، لە کاتێکدا نووسەرێکی مەزنی وەک گۆگۆڵ، باسی هەبوونی کەموکورتییەکانی ڕۆمانی (ڕوحە مردووەکان) دەکات و لە پێشەکییەکەیدا دەنووسێت:(من تکا لە تۆ دەکەم ئەی خوێنەرەکەم، بێ گومان، هەر تەنیا سەرقاڵی خوێندنەوە مەبە، بەڵکو بە چاککردنەوەی هەڵەکانیشمەوە سەرقاڵبە، چونکە بەهای کتێبێک خۆی لەناو ڕاستینەییەکەی و ڕیالیتییەکەیدا مەلاس دەدات، نەک خۆی لە ناو وشەکارییەکانیدا ببینێتەوە.)، ڕاستییەکەشی ئەمەیە تێفکرینی دروستمەندی نووسەرە گەورەکانە و پێمان وابێ سەرڕاجیش یەکێکە لەوانە و بە ئەزموونەکانی خۆی لە پێوەندییەکی دیالەکتیکی و کارلێکێکی پۆزەتیڤانەدایە لەگەڵ واقیع و بەشێوەیەکی سروشتییانەیش فۆرمەلەی ئەو زمانە دەکات کە بە پەیکەرەکەی پیگمالیۆن دەچێت، بەڵام دوای ئەوەی ڕوحی تێدا گەڕاوە و زیندوویەتی دەستەبەر کردووە و قبوولی ئەوەش دەکات لەپاڵ ئەو چیرۆکە سەرکەوتووانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دان و ئەمانەی خوارەوەی وەک: برایم شۆڕاوی، مەلۆتکە، نەمام، ئۆتۆمبێل، ئەڤین، ڕاوەگورگ، هەروەها چیرۆکی(ئۆقرە)یش، ئەگەرچی ئەم دەقە لە هەناویشیدا کردار هەڵناگرێت، بەڵام لە دەرەوەی خۆیدا هانی دروستکردنی کردار دەدات، چیرۆکی دیشی کە هاوئاست نین، جگە لەوە هەندێ دەقیشی هەن ڕاستییەکەی وەک چیرۆکی زۆر کورت تێهەڵکێشی ناو چیرۆکەکانی کردوون و چیرۆک نین، وەک: شەو، پارشێو، دەنکە شقارتەیەکی سووتاو...تاد و بە بۆچوونی من لە پارچە پەخشانی هونەری بەولاوە تێناپەڕن، چونکە ئەم مامەڵەیە تەنیا گوزارشت کردنێکە پتر لە زمانی شیعردا بەکاردێت و ناوەرۆکەکەی دیاری دەکات، بەڵام لە زمانی گێڕانەوەدا بە پێی ئەمبێرتۆ ئیکۆ، پێچەوانەی ئەمە ڕوودەدات، ئەو جیهانەی هەڵدەبژێرێت و ئەو ڕووداوانەی تێیدا ڕوو دەدەن کۆمەڵێک شتی بۆ دیاری دەکەن، لەوانە ڕیتم و شێواز، تەنانەت هەڵبژاردنی خودی تاکپەیڤەکانیشمان بەسەردا دەسەپێنن. لەمەیش بترازێ، هەندێک لە دەقەکانی بریتین لە ڕاگەیاندن، یان هەڵڕشتنی کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی شتی جیاواز جیاواز، بۆ نموونە چیرۆکی: (فانتازیا و تابلۆیەکی کێوی) کە دەمەوەری سەبارەت بە ڕەنگ و هێڵ و... ئەو شتانە دەکات و تابلۆیەک دەکێشێت، بۆیە دەڵێم تابلۆ، چونکە زیاتر تابلۆیەکە بە ڕەنگ و هێڵ هاتووەتەدی و کردە و ڕووداوی بەردەستی تێدا نییە، یان هەندێکی تر لە چیرۆکەکانی بریتین لە کامێرایەکی وردبین و وێنە دەگرن (هەڵبەتا وێنە جووڵەی تێدا نییە)، هەر بۆ نموونە دەقی: (کانی پڵنگان). ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە، ئێمە دەزانین سەرڕاج ئەو سێکوچکە ئەرستۆییەی تێکداوە و تەواوی دەقەکانی بەو شێوەیە نووسیوە کە خۆی ویستوویەتی، ئەمە کێشە نییە، ئەوەی کێشەیە زۆربەی دەقەکان ئەو ڕەگەزە سەرەکییانەیان تێدا نادۆزرێنەوە کە پێویستە تێیدا بن، بەڵکو هەست دەکەیت ڕووبەڕووی دەقێکی شیعر، کە خەسڵەتی سەرەکییانەی تەمومژە و پێویستە بۆ نادیارییەک بگەڕێیت، کە دواجار ئەو نادیارییەیش وەک گەیشتن بە سەراب وایە، ڕاستییەکەی ئەمە تەنیا کێشەی دەقی سەرڕاجی نییە، بەڵکو کێشەیەکی گشتییە و لە ژانرەکەدا تەشەنەی کردووە، بەڵام دواجار دیارە ئەگەر جوانترین شیعر لە کرداردا بێت، هەروەک عەبدوڵڵا سەرڕاج خۆی لە چیرۆکی (کاتژمێر)دا دەڵێت، ئەوە بەشێک لە چیرۆکەکانی ئەو، بێ مشتومڕ کردارن، کرداری ئەوتۆن کە جوانترین شیعر بە ئێمە دەبەخشن، ئەو شیعرەی سۆز و عەتف و هەستکردنێکی مرۆڤانەی بالامان لە قەوارەدا بەرجەستە دەکات.

**۲۰۱۷: لەندەن**

* سەرچاوەکان:


١- عەبدوڵڵا سەڕاج، دیدار بینییەکانم، خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣.

٢- عەبدوڵڵا سەڕاج، لاکێشە ڕووناکەکان و ئەوانی تر، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

٣- عەبدوڵڵا سەڕاج، پەرتەوازەی ئێرە و ئەوێکانی ڕەوان، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد، لقی کەرکووک، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووک، ٢٠٠٦.

٤- د. ابراهيم جنداري، الفضاء الروائي في أدب جبرا ابراهيم جبرا، تموز للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠١٣.

٥- رولان بارت، لذة النص، ترجمة: د. منذر عياشي، مركز الانماء الحضاري، الطبعة الأولي، دمشق، ١٩٩٢.

٦- اليف شفاق، حليب أسود، ترجمة: أحمد العلي، تقديم: د. بدرية البشر، مسكلياني للنشر والتوزيع، تونس، الطبعة الأولى، ٢٠١٦.

٧- دانفورث روس، القصة الامريكية القصيرة، ترجمة: سميرة عزام، منشورات المكتبة الأهلية، بيروت، نيويورك، ١٩٩٢.

٨- جراهام جرين، تجربتي في كتابة الرواية، ترجمة: أحمد عمر شاهين، منتدى مكتبة الاسكندرية، الطبعة الأولى، ١٩٩١.

٩- حنا مينه، حوارات.. و أحاديث في الحياة و الكتابة الروائية، دار الفكر الجديد، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٩٢.

١٠- ميلان كونديرا، ثلاثية حول الرواية، فن الرواية، الوصايا المغدورة، الستار، ترجمة: بدرالدين عرودكي، المشروع القومي للترجمة، العدد ١٠٢٨، الطبعة الأولى، ٢٠٠٧.

١١- يان مانفريد، علم السرد، مدخل الى نظرية السرد، ترجمة: أماني أبو رحمة، دار نينوى للدراسات والنشر و التوزيع، الطبعة الأولى، دمشق، ٢٠١١.

١٢- حسين مردان، الأزهار تورق داخل الصاعقة، كتاب الجماهير، وزارة الاعلام، الطبعة الأولي، بغداد، ١٩٧٢.

١٣- اليف شافاك، شرف، ترجمة: د. محمد درويش، الجزء الثاني، دار الاداب، الطبعة الأولى، بيروت، ٢٠١٤.

١٤- يمنى العيد، الراوي، الموقع والشكل، بحث في السرد الروائي، مؤسسة الابحاث العربية ش.م.م، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٨٦.

**15- David Lodge- The Art of Fiction- Penguin Books- London-1992**

**16- Herman Hesse- Siddhartha- Jovian Press- Ebook Version- Copt right- 2016.**

**17- Steinbeck - A Collection of Critical Essays- Edited by; Robert Murray, Davis- Prentice Hall- Inc., ust 1972.**

**18- Nikolai Gogol- The Complete Novels- Translated by; C.J.Hogarth- Book House-Publishing Edition- Copy Right- 2016.**

**19- Virginia Woolf- A Room of One`s Own- Panamas Classics- Ebook Version.**